## گومان، سەرەتای دۆراندنە. . نەجوا هەولێری

یەکگرتووی بەناوئیسلامی، چونکە لە زۆنگاوی گومان و فێڵ و تەڵەکەدا درووست بوە، نووسەرەکانیان ناتوانن بڕوابکەن کە خەڵکی کوردستان ئێستا خاوەنی خاك و قەڵەم و بیرکردنەوەی خۆیەتی، هەرجارەی بە ناوێك و هەرجارەی بە کۆمەڵە جنێوێك وەڵامم دەدەنەوە، ئەمەش نیشانەی تەئسیر و کاریگەریی، نووسینەکانمە، و لەراستیشدا من بڕوام نەدەکرد حزبێکی ئیسلامی کە خۆی بە حیزبی سێیەم بزانێت، ئەوەندە بێهێز و لەرزۆك بێت، تەحەمولی راوبۆچوونی ئافرەتێکی کورد نەکات و ئەوەندە بەگەورەی بزانێت، کە ئەو هەموو ئەندامەی یەکگرتوو خۆیان پێوە خەریك کردبێت و ئیسراحەتیان لێبراوە، ئەوەش واملێدەکات هەتا کۆتایی بەدوایانەوەبم و وازیان لێنەهێنم هەتا دەیانێرمەوە بۆ قەتەر و سعودیە و ئیمارات و بۆ باوەشی ئیخوانەکانی میسر، .
یەکگرتووی بەناو ئیسلامی جگە لە پارانەوە و کروسکانەوە شتێکی تری لەکوردستاندا نەماوە و هەر فریای ئەوە دەکەوێت بڵێ لە هەولێر فلان مەلای یەکگرتوویان لە وتارخوێندنەوە لادا و لەسلێمانیش ئەوەندە ئەندامی یەکگرتوویان فەسڵ کرد، سەیر لەوەدایە جگە لەنووسەر و راگەیاندنە هەلەق و مەلەقەکەی یەکگرتوو، شوێنێك نیە ئەو هەواڵە تەپوتۆز لێنیشتوانە بڵاو بکاتەوە و یەکگرتوەکان خۆشیان نەبێت، بەشەرێك نییە بڕوا بەو قسە ستۆك و بەسەرچوانە بکات، دەڵێن دوو مەلایان لەهەولێر قەدەغەکردوە کە وتار بخوێنێتەوە، بەڵام ناڵێن ئەو دوو مەلایە یەکەمیان ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووە و ئەندامی پەرلەمانی عیراقە و حیمایەکانیشی ئەمریکین و مانگانە بەقەدەر 15 مەلای هەولێر پارەی حەرامی ئەمریکا وەردەگرێت. تا ئەو پارەیەش وەستابی نایەت وتاری حزبی بخوێنێتەوە، مەلای دووەمیشتان کە تەنها (لای یەکگرتوو مەلایە) ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە و ئەوەی من ئاگاداربم و لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا بیستبێتم، ئەوەی بووە ئەندام پەرلەمان نابی وەزیفەی تری هەبێت و ئەگەر راست دەکات و ئیسلامەتی دەکات با واز لە 4000 دۆلارەکەی پەرلەمان بهێنێت و بڕوات بەدەم مزگەوت و وتار خوێندنەوە کە ئەمیش جگە لەحیزبایەتی وتارێکی نیە باسی خوا و پێغەمبەر بکات، پێشمان نەڵێن ئەی بۆ مەلاکانی پارتی و یەکێتی دەرناکەن، چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نیە و بڕۆن لەوەزارەتی ئەوقافەکان و لەو کاشێخە نەقشبەندیە بپرسن کە بووە بە مێردەزمە و دێو و درنج و خەریکە زیرەتان پێدەکات، و خەو و خواردنی لێبڕیون.